# جوڵانەوەی ماموستایانی ئێران و پیلانی بەشی عەداڵەت

یزدان حاج حمزە

وەرگێڕ: بێهروز

دەوڵەتی ئەحمەدی نەژاد، لە هەوڵی بۆ پاراستنی ڕژیم، ئیستراتیژی سیاسی شەڕخوازانەی گرتۆتەپێش. لە پێوەند بە سیاسەتی دەروە. هەوڵ دەدا سیاسەتەکەی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتدا کاریگەر بکاو ئەو سیاسەتەی کردوتە ئامانجیکی ئیستراتیژیك. بۆ گەیشتن بەو ئامانجە، لە ڕێگەی بوون بە هێزێکی ئەتۆمی و بە سیاسەتی بناژو خوازی لە ناوچەکە هەوڵ دەدات. لە فەڵەستین لەگەڵ حەماس گەڵاڵەی دابەش کردنی ئەو وڵاتە و دامەزراندی (دەوڵەتێکی ئیسلامی لە فەڵەستین) بەرێوە دەبا. لە عێراق و لوبنان و ئەفغانستانیش هەر بەو شێویە درێژە بە دەست تێوەردانی نیزامی سیاسی ئەدات. ئەحمەدی نژاد کە سەرۆکی شورای بەرزی ڕژیمە لە سەر ئەوە پێداگرە کە سیاسەتی دەروەیی ئێران لە مەیدانی نێونەتەوەیدا گۆشە گیر بکات و بە ئابوورییەکەی دوای بخا و لە ناخۆدا، گرێ و گۆڵی کۆمەڵایەتی دروست دەکات. ئەوەش دەزانێ کە هێندێك لە زل هێزەکان لە ڕووبەڕووبونەوە و بە بەرەکانێ لەگەڵ ئەو سیاسەتەیدا، بۆ ئەوەی کار نەگاتە شەڕ لە هەوڵدان ڕزامەندی باقی ئەندامانی شورای ئەمنیەت بۆڵای ئابلوقە دانی ئابوری ڕژیم ڕابکێشن. بەڵام ڕژیم ڕێگەییکی دیکە بێجگە لە درێژە دان بەو سیاسەتەی نیە. ڕژیم ئەو کێشە ناو خۆی یانەی کە سەرچاوەکەی لە هەڵەی سیاسەتی خارجیە بەگیان کریوە. بەڕێوە بردنی کاروباری ئاسایی ـ ئابوری ـ کۆمەڵایەتی ئێرانی وەڵاناوە و بۆ نەهێشتنی نارزایەتیەکان لە ناخۆدا ڕوی کردۆتە بەڕێوەبەریی ئەمنیەتی مەسەلە کۆمەڵایەتی و ئابوریەکان ئەو دەوڵەتە لەگەڵ بەرەوپێش بردنی سیاسەتی دەروەییدا، لەگەڵ نارەزایتە کۆمەڵایەتیەکان بەڕێوە چوونی ئەمنیەتی دولایەنە پەیرو دەکا. لە لایەکەوە بەهەڕەشەو ترساندن ڕووبەڕووی نارزایەکان دەبێتەوەو لە لایکی دیکەوە بەتەماع بەرخستن هەوڵی دروست کردنی دوبەرەکی لە نێوانیاند پەرەپێ ئەدا. هەم چەکی هەرەشە وچەکی تەماعی لە بلاو کراوە گشتیەکاند بلاو کردووتەوە. ڕژیم چەکی تەماعی تا ئێستا لە هێندێك شتی وەك (صندوقی مهر الرضا). بۆ مەبەستی یارمەتی دان بۆ پیکەوەنانی ژیانی هاوبەش و وامی کەم بەهرەی بانکی بۆ دامەزراندنی شیرکەتی بچوك کە زوو قازانج لێ بکەوێتەوەو دەر کردنی بڕیاری یەك سەعاتە، لە کاتی سەردان بۆ شارەکان، کردۆتە بەرنامە. بەڵام ئەو دەوڵەتە بە دابەش کردنی (سهامی عدالت)، ئامانجی تایبەت و هەستیاری هەیە کە جێگەی سەرنج دانە. مامۆستایان سەهامی عەداڵەت بۆ بەربەرەکانی جوڵانەوەی موعەلیمەکانە.

مامۆستایان تەنیا چینێکن لە ئێران کە لەگەڵ لەمپەر خستنە بەردەمیان لە لایەن دەوڵەتەوە، سەرکەوتوانە هەڵسورانی سینفی سەرانسەری و سەربەخۆ بە ناوی (کانون صنفی معلمان ایران) دامەزراوەی سینفی مامۆستایانی ئێران یان دامەزراندوە. ئەو چینە وشیارە لە مانگەکانی ڕابردودا داوای مافەکانیان کرد و بۆ بەرەکانێ لەگەڵ بێ بەشیەکانی خۆیان، جوڵانەوەییکی سەرانسەری بەر بڵاویان لە سەرانسەری ئێران وەرێ خستوە. داوای سەرەکی مامۆستایان، نەهێشتنی جیاوازی و بەرێوەبردنی قانوونی بێ جیاوازی بۆ دانی موچەکەیان بوو. لێپرسراوانی ڕژیم زیاتر لە ٣ ساڵە بەڵێنی بەرێوە بردنی ئەو یاسایەیان بۆ مامۆستایان و هاو ئاهەنگ کردنی بەرنامەی موچە بەکارمەندانی پلەیەکی دەوڵەت داوە، بەڵام نایانهەوێ جێبەجی بکەن و بچنە ژێر باری ماڵی ئەو بودجە کە بە پێی ڕاپۆرتی هەواڵدەری حکومەتیی ایرنا لە (٢٦ ڕێبەندانی ساڵی ١٣٨٥) گەیشتە نزیك ٥ هەزار میلیارد تومان. دەوڵەتی ئەحمەدی نەژاد لە حاڵێکدا کە بە شێك لە مامۆستایانی تێکۆشەری خستۆتە زیندان و بۆ بە شێکی دیکە لە وان حوکمی لە سەر کار دەرکردنی دەرکردوە، پی دانی (سهام عدالت) ی لە سەر ڕێ ئەو جوڵانەوە داناوە تا ئەو جوڵانەوە لە ئامانجی خۆیان پەشیمان بکاتەوە و لە نێوان مامۆستایان دا دووبەرەکی دروست بکات. بە پێی نوسراوەی ڕۆژنامەی سەرمایە لە ٣١ پوشپەردا، ناو نووسین بۆ وەرگرتنی بەشی عەداڵەت بۆ مامۆستایان سەرەتا بە شێوەی ئینترنیتی ئەنجام دراو لەو ڕێگەوە نیزیك ٣٥٠ هەزار نەفەر ئامادەیی خۆیان ڕاگەیاند.بەڵام بە هۆی تەواو نەبوونی ناوی ئامادە بوان، فورمی ناونوسین نێردرا بۆ مەدرەسەکان و مامۆستایان لە دوای تەواوکردن تەسلیم بە ئیداراتی ڕاهێنان و بارهێنان کرد. بە پێی ئەو فۆرمە، فەرهەنگیان ئەبێ بیوگرافی خۆیان و خانەوادەیان بنووسن. ڕاپۆرت دەری ئەو ڕۆژنامە بیرو بۆچونی ژمارەیێك لە مامۆستایان، کە فۆرمیان پڕکردۆتەوە بەم شێوە بڵاوکردوە. پەروانەی تورابی، فۆرمەکەی لە ٢٧ جۆزردانی ٨٦ تەسلیم کردەوەو باوری وایە نە ئەو نە هاوکارانی هیچ باوەریان بو کارەی ڕژیم نیە و قسەییکی تایبەتیشیان لەو باروە لە لێپرسراوان نەبیستوە. حوسینی ماموستای مەدرەسەی ڕاهنمایی دەڵێ: وەکو ئەوەی دەڵێن لە سەرەتای ڕزبەرەوە هەر کەسێك فۆرمی پڕکردبێتەوە سەهمێکی ٥٠٠ هەزار تمەنی دەبێ. بەڵام ڕاستیەکەی ئەوەیە ئەو کارە، زیاتر لە فرتو فێڵێکی ئەمنیەتی شتێکی دیکە نیە و بەو گاڵتە کردنە سکی برسی مامۆستایانی بێ بەش تێر نابێ. ئەو ڕاستیە بەچاو خشاندنێك بە سەر سەرچاوەی دروست بوونی گرتنی (سهام عدالت) و گەڵاڵەییك کە بۆ دابەش کردنی داڕێژراوە دەردەکەوێ. ڕێگە خۆش کردنی بۆ بەڕێوە بردنی دابەش کردنی (بەشی عەداڵەت) لەلایەن پاسدار ئەحمەدی نەژاد لە نزیك یەك ساڵ بەر لە ئێستاوەو لە دوای دەسپێکی خولی نوێی شانوی (خصوصی سازی) واتە کەرتی تایبەتی شیرکەتەکان و دامەزراوە دەوڵەتیەکان ئامادە کراوە. خامنەیی نیزیك یەك ساڵ بەر لە ئێستا لەگەڵ دەرکردنی حوکمیك بۆ سێ قوەی قانون دانان و بەڕێوەبردن و دادوەری ڕژیم، فەرمانی دا کە بە کەڵك وەرگرتن لە بیروبۆچونەکانی (مجمع تشخیص مصلحەت نظام) بۆ کەرتی تایبەت، ٨٠ لە سەدی خاوندارێتی زیاتر لە ٢٠٠ شیرکەت و دامەوزراوەی دەوڵەتی، پێشەکی (یاسایی) و بەرێوەبردنی پێویستیان بۆ ئامادە بکەن. بە پێی بەراوردی سەرچاوەکانی ناخۆیی، ئەو داراییانەی بەو شیرکەتانە دیاری کراوە لە نێوان ١٠٠ تا ١٤٠ ملیارد دولار بایەخی هەیە. ئێستا جەوهەری ئەو حوکمە ویشك نەببوە کە ئەحمەدی نەژاد توانی ڕەزایەت نامەی خامنەیی بۆ تایبەت کردنی ٥٠ لە سەد لەو سەرمایە دەوڵەتیە، یانی ٥٠ تا ٧٠ ملیارد دولار بە ناوی بەشی عەداڵەت وەربگرێ بە مەبەستی دەستە و لایەنگر زیاد کردن بۆ ڕژیم لە ناو بێ بەشانی کۆمەڵگە. دانی بەشی عەداڵەت بە کەم کردنی ٥٠ لە سەد و قیستی دە ساڵە لە بارەی کەسانێك کە لە ڕیزی خوارەوەن. بە پێی بڵاوکراوەکانی ناخۆیی، دەوڵەتی ئەحمەدی نەژاد دابەش کردنی بەشی عەداڵەتی لە ڕێگەی شیرکەتەکانی سەرماییەکانی ئوستانی پێك هاتوو لە تەعاوەینە شارستانیەکان دەست پێکردوە و لە فەزایك دا کە لەگەڵ گرفتی سیاسی ناوخۆیی و دەرەوەیی روبەروە، نیازی وایە لە قوناغی یەکەم دا، دابەش کردنی ئەو بەشە لە نێو هێزەکانی ڕژیم و بەسیجەکان جێ بە جێ بکا تا پێوەندی ئەوان بە پوول لەگەڵ حکومەت توندوتۆڵ بکا و بەو کارە بەربەست دروست بکا لە را کردنیان دا لە هەلومەرجی دژواردا. بۆ فرۆشتن و دانی پاشماوەی (سهم)ی شیرکەتەکانی دەوڵەتی، زیاتر لە ساڵێکە کە دەوڵەت و مجلسی ڕژیم سەرقالی نوسینی گەڵاڵەی یاسایی پێوەند بە بەڕێوەچوونی بردنی حوکمی ڕێبەرن، تا یاسای گوازتنەوەی سەرمایە لە بەشی دەوڵەتی بۆ کەرتی تایبەت بنوسن. ئێستا دەوڵەت و مجلیسی ڕژیم دەزانن کە ناتوانن بیرو بۆچوونی کەرتی تایبەت بۆ کەرینی بەشی کارخانە دەوڵەتیەکان ڕابکێشن. هەلومەرجی هەنوکە لە ئێران هەلومەرجی را کردنی سەرمایەیە. دەتوانین ئەو ڕاستیە بە رووخانی شاخسی بازاری بورسی ئێران بە هۆی فرۆشتنی سەهمێك کە لە دەست خەڵکدا بوە هەست پێ بکەین. ڕانەوەستاویی نرخی زەویی و خانوبەرە و لیرە بە هۆیکرینیان لە لایەن خاوەن پوولەکان هەروەها چونەدەری سەرمایەی ئێران بەپەلە بۆدەرەوە بە روونی بەرچاو دەکەوێ. بەو پێیە کەرتی تایبەت ڕادەی ٧٠ میلیارد دولار واتە نیزیکەی ٨٠ هەزار میلیارد تومانی لە دەستدانیە کە بتوانێ بەوە ٥٠ لە سەدی پاشماوەی بەشی شیرکەتەکانی پێوەند بەوان لە بازاری بورس دا بسەنێ. بە پێی قسەی عەبدە، سەرۆکی بورسی پێشوی تاران، لەو پەڕی ڕەواج بونی بازاری بورسی ئێران دا، تەنیا ١٠ میلیارد دولار لە نرخی ٤٥ میلیارد دولاری ئەو کاتی بەشی (سەهمی) شیرکەتەکان، درابوو بەشدارانی ڕاستەقینەی غەیرە دەوڵەتی و غەیرە حکومەتی. بە سەرنج دان بە داخستنی دەرگای بازاری بورسی ئێران بەڕوی سەهمیە دارانی دەرەوەییدا، فرۆشی بەشەکان بە سەرمایە دارانی دەرەکی بەتایبەت لە هەل و مەرجی ئالۆز کە دەوڵەتی ئەحمەدی نەژاد پێك هێناوە نامومکینە. بەو پێیە ڕێگەییك کە بۆ دابەش کردنی ٥٠ لە سەدی پاشماوەی بەشی شیرکەتەکانی دەوڵەتی دەمێنێتەوە، چاری بەخشینە. ئەو ٥٠ لە سەدەش بەقیستی درێژماوە بۆ ڕاکێشانی پشتیوانی سیاسیە. بەشێك لەو بەشەش لەوانە بۆ شیرکەتەکانی حکومەتی سەروە سوپای پاسداران، دامەزراوەی بێ بەشان (**بنیاد مستعضفان**) و باقی دامەزراوەکان و ئاستانی قودس دەنێردرێ و ئەو شیرکەتە تێکدرانە کە لە ژێر سێبەری نیهادی ڕێبەران دان زیاتر لە رابردوو بەسەر ئابوری وەڵاتدا زاڵ دەبن و لە لایەنی بەربلاوتردا نەخشی تێکدرانەیان لە ئابوری ئێران دەگێڕن. بەو تایبەتمەندیەوە دەبینین کە خامنەیی و دەوڵەتی پاسدارەکان هەڵسوورانی نوێی کەرتی تایبەتیان نە بە ئامانجی ئابوری بەڵکو ئامانجی سیاسی دەست پێکردوە و زیاتر لە رابردوو نیازی کڕینی پشتیوانی سیاسی هێندێك لە بێ بەش ترین چینی کۆمەڵایەتیان هەیە کە بە دەستی خۆیان ئەوانیان فەقیر و بێ بەش کردوە. لە بارەی کەرتی تایبەت، ئەبێ ئەو خاڵە بیر بهێنینەوە بەڕێوەبەرانی نیزامی ویلایەتی فەقێ هیچ کات نەیان توانیوە و ناتوانن کەرتی تایبەت بەو شێوەی کە نیزامی ئابوری و جیاکردنەوەی هێزی سیاسی لە هێزی ئابوریە و لە کردوە دا دەبێ ببێتە ئابوری سەر بەخۆو و خاوەن هێز بێ، ڕێگە بدەن. بەڵام مەسئەلەی سەرەکی لە دەسەڵاتی ویلایەتی فقێ دا ئەوەیە کە لەو نیزامەدا دوو دەسەڵاتی حاکم و دوو دەوڵەت هەیە کە لە زەمینەی ئابوری و سیاسەت دا حوکم دەکات. یەکەم دەوڵەتی غەیرە ڕەسمی و هێزی بەرینی (ڕێبەر) و نیهادی ڕێبەرە، کە لە ڕێگەی سەدان شیرکەتی سەرو ناوەندە جۆراوجۆرەکان و ئاستانی قودسی رضوی لە باری ئابوری ئێران هەڵ دەسوورێن. شیرکەتە حکومیەکانی سەر و دەسەڵات، لە ژێر چەتری ڕانتی سیاسی (ڕێبەر) نیزیك بە ٣٠ لە سەد لە بەرهەم هێنانی نەتەوەیی ئێرانیان بۆ خۆیان پاوان کردوەو بێجگە لە ڕێبەر، حیساب بە کەسێکی دیکە نادەن. دووهەم، دەوڵەت فەرمیە، کە بە ڕواڵەت ئەبێ قانونی پەسەند کراوی مەجلیس جێبەجێ بکا و حساب بداتەوە مەجلیس. ئەو دەوڵەتەش چەند هەزار شیرکەتی هەڵسوری لە زەمینەی ئابوری وەڵات داخستۆتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوەو لە ڕێگەی هەڵسورانی ئابوری شیرکەتەکانی ژێر فەرمانی خۆی نیزیك بە ٥٠ لە سەدی بەرهەمی میللی ئێرانی خستۆتە ژێر دەستی خۆی. بەو پێیە ئەگەر لەو نیزامەدا (کەرتی تایبەت) بۆ لە دەست دەرهێنانی ئابوری لە دەست دەسەڵاتدایە دەبوو لە سەرەتادا بچوونایە گیان هێزی خراپە کار و بێ بەرانبەری ڕێبەر و لە دوایدا بچوونایە گیان دەوڵەتی فەرمی و شیرکەتە دەوڵەتیەکان. ئەو نیزامە ئاهەنگی نارێکی (کەرتی تایبەت) ی لە ٣ بەرنامەی ٥ ساڵە، یەکەم و دوهەم و سێهەم لی دا. بەڕێوەبردنی ئەو سێ بەرنامە، بە شایەدی سەر ژمیریە ڕاستەکان، نەخشی داگیر کردنی ئابوری دەسەڵاتداری نە تەنیا کەم نەکردەوە بەڵکو زیاتری کرد. ژمارەییك لەو روداوەدا تێ گەیشتن کە کەرتی تایبەت لەو نیزامەدا، بەربەستی یاسایی هەیە و بۆ بەدواداچونی تایبەت کردنی شیرکەتەکانی دەوڵەتی ئەبێ ئەسڵی ٤٤ ی یاسایی ڕژیم پێداچونەوەی پێدا بکرێ و چاك بکرێ. خامنەیی، ڕێبەری ڕژیم بە کەڵك وەرگرتن لە دەسەڵاتی خۆی، لەگەڵ دانی ڕێنوێنی گەلێك، کاری چاك کردنی ئەسڵی ٤٤ ی سپارد بە کوگای قازانجەکانی نیزام. ئەو کوگایە لە دوای دوساڵ بێنەو بەرە، گۆڕانی لە ئەسڵی ٤٤ یاسایی بنەرەتی ڕژیم دا کرد و ئەوی بە واژوەی خامنەیی گەیاند. نیزیك بوساڵێك بەر لە ئێستا ڕێبەری ڕژیم دوایین دەستە چیلەی ئیسلاح کراوەکەی کوگای قازانجی ڕژیمی بۆ ئامادە کردنی پێشەکی یاسایی‌و بەڕیوەبردنی پیویست بە سەرۆکەکانی سێ قوەی بەڕێوەبردن و قانون دانان و دادوری نارد. بەڵام لەگەڵ تێ پەڕینی زیاتر لە یەك ساڵ، ئێستاش (لایحەی قانونی) بەڕێوە بردنی ئیسلاحاتی ئەسڵی ٤٤ بۆ ئەوەی یاسایی بکری لە لایەن مەجلیسەوە گەڵاڵە نەکراوە. بەو حاڵە دەوڵەتی پاسدار ئەحمەدی نەژاد، بە واژوی خامنەیی، دەستیوردان و تەسەڕوفی ئەمنیەتی لە کاری ڕاگوازتنی بەشی گەورەی سەهامی شیرکەتەکانی دەوڵەتی لە ژێر ناوی (بەشی عەداڵەت) دەست پێ کردووە و بەو پیلانە جوڵانەوەی سەرانسەری مامۆستایانیشی کردۆتە ئامانج بە مەبەستی هەڵوشاندنەوەی جووڵانەوەکەیان لەبەشی ماموستایان چی دەدرێتە ماموستایان.

دەوڵەتی ئاخوندەکان، تەنانەت ئەگەر خاونداریەتی بەشێك لە سەهمی کارخانەکانی دەوڵەتی بداتە مامۆستایانی بێبەش، کیشەی داهاتیکەم و فەقیری یان چارەسەر ناکات. کارخانەکانی دەوڵەتی بە مەرجیك دەتوانن قازانجیان هەبێ و بۆ بەشداران ببنە سەرچاوەی داهات کە بەرهەم هێنانیان بچیتە سەر. چونە سەری بەرهەم هێنان لەو دامەزراوەدا بەوە بەستراوەتەوە کە بەرێوەبەریەتی ئەوانە لە دەوڵەتەوە بدرێتە کەرتی تایبەتی ڕاستەقینە. بەسەرنج بەوەی کە قەرارە ٢٠ لە سەد لەبەشی ئەو کارخانانە هەروا لە لایەن دەوڵەتەوە بپاریزرێ و ٥ لە سەدیشی بە هێزەکانی ژێر فەرمانی دەوڵەت و ڕێبەر، وەکو بەسیجەکان بدرێ، دەڵەت هەروا خاوەنی بەشی ٧٠ لە سەدی پاشماوە دەمینێتەوە. کەرتی تایبەت و مامۆستایان بە بوونی ٣٠ لە سەدی پاشماوە سەهمەکان ناتوانن بەڕێوەبەریەتی ئەو کارخانانە لە دەست دەوڵەت دەربێنن. گوازتنەوەی خاوەندریەتی و فرۆشتنی بەش گەلێك کە لەوانەیە بیدەن بە مامۆستایان بەلانی کەمەوە تا دوو ساڵی پێ دەچێ و ئەگەر ڕۆژێك بیان دەنێ، داهاتەکەی بۆ هەمیشە دەبێ و ناتوانێ کەمی داهاتی مامۆستایان بە بەردەوامی قەرەبوو بکاتەوە. ئەو کەمی داهاتە و ڕەفتاری جیاوازی دانانی ڕژیمی ئێران لە دانی حقوق بە مامۆستایان، ژیانی مادی ئەو چینە زەحمەتکیشەی فەلەج کردوە ئەو داماوی و خراپی مەعیشەتە تەنیا دەرمانەکەی زیاد کردنی موچەی مامۆستایانە، نەبەڵێنی سەرخەرمان لە ژێر ناوی (بەشی عەداڵەت)! زۆربەری مامۆستایانی وڵات ئەو ڕاستێە دەزانن. بڵاوکراوەکانی حکومەتی دەنوسن زیاتر لە یەك میلیۆن مامۆستا تەنیا ٣٥٠ تا ٤٠٠ هەزار نەفەر لەوان واتە (یەك لەسێ مامۆستایان) فۆرمی ئینترنیتی داوای بەشی عەداڵەتیان پڕکردۆتەوە. بە هۆی گۆی نەدانی زوربەی مامۆستایانی ئێران لەگەڵ ئەو فرتو فیڵەی ڕژیمە کە هەواڵدەری حکومەتی فارس ڕۆژی ٣ ی پوشپەری ٨٦ لە زمان جێگری وەزارەتی ئاموزش و پەرورش ڕایگەیاند کە وەزارتی ئاموزش و پەرورش ناونوسیی ئینترنیتی بەشی عەداڵەتی بۆ فەرهەنگیان تا کوتایی پوشپەر نوێ کردۆتەوە. مامۆستایانی هوشیاری ئێران لە ئەزمونی بێ ئاکامی دەیەی ٤٠ و ٥٠ ی زەمانی شاە، لە بارەی دانی بەشی کارخانەکانی دەوڵەتی بە کریکاران ئاگادارن لە سەر ئەو ئەزمونە بێ ئاکام و گەڵاڵە پوپولیستیانەی هێزەکانی دەسەڵاتدا لە باقی وەڵاتانیش ڕاوەستاون و دەزانن کە ئەو ئەزمونە، کە لە وەڵاتانی ئوروپای ڕۆژهەڵات لە ساڵەکانی سەرەتای دەیەی ١٩٩٠، لە دوای لێك هەڵوەشانی بلوکی ڕۆژهەڵات بەڕێوەیان برد، سەرئەنجام ناچاریش بوون وەلای بنێن. مامۆستایانی تیکۆشەر، دەبێ پیلانی بەشی عەداڵەت بگەرێنینەوە بۆ فیلّ بازانی حکومەت. داوای ماف خوازانەی مامۆستایان، بێجگە لە مقاوەمەت، یەکیەتی سەرانسەری درێژەدان بە جوڵانەوەی سەربەخۆ کە دەستیان پێ کردوە، وەدی نایێ.

***